# راوتەری گەیمینگ و خێراییەکی زۆر



راوتەر گرنگترین ئامێرەی راگواستنەوە و دابەشکردنی هێڵی ئینتەرنێتە لە مەودایەکی کەمدا، خێرایی وەرگرتن و دابەشکردنی راوتەر زۆر گرنگە.

کۆمپانیای Asus لەم ماوەیەدا راوتەرێکی زۆر خێرای بەناوی ROG Rap-ture GT-AX11000 خستەڕوو، راوتەرەکە وەك زۆربەی راوتەرەکانی کۆمپانیا جاڵجاڵۆکە شێوەیە.


راوتەری ناوبراو سێ باندی هەیە، یەکێك لەوانە خێراییەکەی ٢,٤ گیگاهێرتزە، بەو مانای کە لە یەك چرکەدا (١٤٣ میگا)یە. دوو باندەکەی دیکە ٥ گیگا هێرتزن واتە لەیەك چرکەدا (٦٠٠ میگا) زانیاری وەردەگرێ و بڵاودەکاتەوە.

# مۆبایلێک مۆبایلەکانی دیکە شەحن دەکاتەوە

گرفتێکی سەرەکی مۆبایل دابەزینی شەحنی باترییە، هەتا مۆبایلێك باترییەکەی درەنگ دابەزێت گرنگی زیاترە، زۆر جار مۆبایلێکی سەرکەوتوو لە بواری سەختەئامراز و سیستەمەوە بەرهەم دێت، بەڵام باترییەکەی باش نییە، بۆیە کەمتر پێشوازی لێدەکرێ..

مۆبایلی (Ulefone Power 5) پێچەوانەی هەموو مۆبایلەکە، ئەو سەرەڕای شەحن بوونەوەی، دەتوانێت مۆبایلەکانی دیکەش شەحن بکاتەوە، بە باترییەکەی پڕەوە دەتوانێت ١١ مۆبایلی دیکە شەحن بکاتەوە. باتری بەهێزی مۆبایلی ناوبراو ١٣٠٠٠ میلی ئامپێرە. سەیر لەوەدایە دوای شەحنکردنەوەی ١١ مۆبایلیش هێشتاش ٢٥٪ شەحنی تێدا دەمێنێ. مۆبایلەکە بۆخۆی زیاتر لە مانگێك شەحنەکەی دانابەزێت.

گرنگی مۆبایلەکە تەنیا لە شەحنی پێچەوانەدا نییە، بگرە خودی مۆبایلەکەش بەهێزە، چونکە رامەکەی ٦ گیگایە، میمۆری ناوخۆی ٦٤ گیگایە، هەم بەوایەر و بێ وایەریش شەحن دەبێت. کامێرای پشتەوەی ٢١ میگاپیسکلە و هی پێشەوەی ١٣ میگایە، سیستەمی ئەندرۆید ٨ی لەسەرە.



# گوارەی زیرەک بۆ چاودێری تەندروستی

زۆرجار ئاماژەم پێداوە، لە جیهانی سەردەمدا ئامێرە سادەکان وەك خۆیان نامێننەوە، ئەوانیش بەرەو زیرەك بوون دەڕۆن، تەنانەت گوارە و بازن و ملوانەکەش.

گوارەی هۆشمەندی جۆری Ear-o-Smart یەکێك لەو ئامێرە سوودمەندانەیە کە جگە لە جوانی و چاودێری وردی تەندروستی بەکارهێنەرەکەی دەکات، وەك لێدانی دڵ، رێژەی سووتانی کالۆری، چالاکی جەستەیی وەك هەنگاو نان و راکردن مەودای رۆیشتن.


گوارەی زیرەکەکە بەهۆی بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت و زانیاری بە شێوەی راستەوخۆ بۆ مۆبایل دەگوازێتەوە.

# داهاتووی لاپتۆپ بەرەو کوێ؟




گۆڕانـکاری بەسـەر زۆربـەی ئامێرەکانـدا هاتـووە، توانایـی و کارکـرد و دیزاینیان گۆڕاوە، لاپتۆپ لەداهاتووی نزیکدا هەر ئەو جۆرە نامێنێ کە دەیان ساڵە دەیبینین، یەکێـك لـە مەزنـە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی لاپتۆپ هەوڵیـداوە لاپتۆپێك بەناوی Precog بەرهەم بێنێ، لاپتۆپەکە لەبری کیبۆرد و شاشە پێکهاتووە لە دوو شاشە، یەکێکیان ئەرکی کیبۆرد ئەنجام دەدات، یان پێکەوە دەبن بە شاشـەیەکی گەورە. لاپتۆپەکـە هۆشـمەندە، توانای ناسـینەوەی روخسـارەکانی هەیـە و جگە لەوەش مـرۆڤ و کەلوپـەل لێـك جیـا دەکاتـەوە. کیبۆردەکـەی لاپتۆپەکـە دەزانێـت لە کوێـوە خەریکـی تایپکردنـی، ئەگـەر حاڵەتـی تایپکردنەکـەت گونجـاو نەبوو خۆی دوگمەکانی وا رێك دەخات لەگەڵ پەنجەکانت یەك بگرێتەوە. هەردوو بەشـەکەی لاپتـۆپ دەگرێت بە جیـا ئەرکی خۆیان ئەنجام بـدەن، بۆ نموونە لەیەکێـك لـە شاشـەکان سـەیری فیلـم بکـەی و لـە یەکێکـی دیکـە ئەرکێکی تر ئەنجام بدەی.

# ئەڵقەیەک پەنجەکانت دەکات بە مۆبایل



لـەو چەنـد سـاڵەی دواییـدا ئەنگوسـتیلە و ئەڵقـە هۆشـمەندەکان هاتنـە نـاو جیهانـی تەکنەلۆژیای نوێـوە، ئەرکی هەندێك لـەو ئەڵقانە جگـە لـە جوانـی، تایبەتن بە تەندروسـتی و وەرزش کردن، هەندیشـکیان تایبەتن بە پەیوەندییەکان، بۆ نموونە ئەڵقەی جۆری ORII کە تایبەتە بە وەرگرتنی پەیوەندییەکان. بەهۆی ئەو ئەڵقەوە هەم پەیوەندییەکان وەردەگری و هەم دەتوانی کورتە پەیام بەرێ بکەی، دەکرێت وەك بیرهێنەرەوەیەکیش سوودی لێوەربگری کە لەکاتی خۆیدا ئەرکەکانت بیربخاتەوە.

بەهـۆی بلوتوسـەوە بـە مۆبایـل پەیوەنـد دەدرێـت، کاتێـك پەیوەندییەکـت بـۆ دێـت دەسـتت لـە گـوێ نزیـك بکـەوە، بەبـێ ئـەوەی بڵندگۆیـەك هەبێـت تەنیـا بەهـۆی لەرینـەوەی ئێسـکی دەسـت دەنگەکـە دەگوازرێتـەوە.



# کۆداکۆپتەری گیرفانی



کۆداکۆپتەر، یان بە واتایەکی دیکە ئەو فڕۆکە بچووکانەی کە تایبەتن بە ئەرکی فیلم هەڵگرتنەوە و وێنە گرتن بۆ کاروباری سینەمایی و تەلەڤزیۆنی سودیان لێوەردەگیردرێت، چەند ساڵێکە بە فرەیی بەرهەم دێن. جۆر و توانایی و قەبارە و ستایلیان جیاوازە. یەکێك لەم فڕۆکە بچووکانە (fairy)، کە هەم بچووکە و هەم ئەرکی گەورەکان ئەنجام دەدا. «فایری» بەقەد مۆبایلێك دەبێت و دەچێتە گیرفانەوە، بەڵام وێنەی بە کوالیتی فول ئیچدی دەگرێت. «فایری» بەهۆی ئاپێکەوە کە لەسەر مۆبایل دادەنرێت کۆنترۆڵ دەکرێت. کاتێك لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت، مۆبایلەکە بەرەو هەر کوێ بڕوات بە دوای دەکەوێت. وێنە و فیلمەکان راستەوخۆ لەسەر شاشەی مۆبایلەکە دەبیندرێن. شازدە خولەکی بەردام دەفرێت، بۆخۆی ئۆتۆماتیکی دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی.




## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، زۆرجاران کە بە مۆبایل فیلم هەڵدەگرینەوە و لە کۆمپیوتەر سەیری دەکەینەوە، دەبینین فیلمەکە سەراوبنە، یان حاڵەتی ئاسۆیی و ستوونی هەیە بۆ ئەوەی کە فیلمەکە وەك خۆی لێبێت دەبێ چ بکەین؟**

خوێنەری بەڕێز راستە، ئەم گرفتە زۆر جاران دێتە پێش، بەڵام وەك دەڵێن کە گرفت هەبێ ڕێگا چارەش هەیە، بۆ ئەم مەبەستە لە پرۆگرامی Windows Media Player Classic سوود وەربگرە، ئەو فیلمەی مەبەستتە بیکەوە و پاشان بچۆ سەر بەشی View > Options لەوێشدا بچۆ سەر بەشی Player > Keys لەوێدا سەیر ئەو دوگمانە بکە بۆ ئەم مەبەستە داندراون، دوگمەی Alt+3 فیلمەکە پێچەوانەی کاتژمێر دەسوڕێنێ، Alt+6 سەراو بنی دەکا، دوگمەکانی دیکەش ئەرکی دیکە ئەنجام دەدەن...

## کۆمپیوتەرەکەت لە ڕێگای دوور کۆنترۆڵ بکە

رەنگە بۆ هەموومان ئەوە هاتبێتە پێش کە لە ڕێگای دوورەوە کۆمپیوتەرەکەمان کۆنترۆڵ بکەین و فایل و زانیارییەکانی ناو کۆمپیوتەر لە هەر شوێنێك بێت دەستمان پێی رابگا، بەتایبەتی ئەوکاتانەی دەچی بۆ سەفەر و گەشت کردن. چەندین پرۆگرام هەن کە تایبەتن بە کۆنترۆڵی کۆمپیوتەر لە ڕێگای دوور، تەنانەت خودی سیستەمی کۆمپیوتەریش پرۆگرامی remote desktop هەیە. بەڵام رەنگە تواناکانی زۆر نەبن. هەتا ئێستا پرۆگرامی teamViewer لە ریزی یەکەمدابووە. بەڵام لەم دواییەدا پرۆگرامی Any-desk شوێنی پرۆگرامی teamViewerی گرتۆتەوە. دەکرێ بڵێین خێراترین پرۆگرامی anydesk خێراترین پرۆگرامە. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە لە هەر شوێنێك بی دەتوانی دەستت بە تەواوی کۆمپیوتەرەکەت رابگا.






# بەهێزترین کۆمپیوتەری مەزن لە جیهاندا بەرهەم هات

کاتێك باسی کۆمپیوتەر دەکەین، یەکسەر زەینمان بۆ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ یان لاپتۆپ دەچێت، کە دەکرێ دە جانتا بخرێن یان لەسەر مێز دابندرێن، بەڵام ئەوانە تەنیا کۆمپیوتەری وردیلەن، کۆمپیوتەری مەزن رووبەرێکی گەورە دەگرن، بۆ نموونە رووبەری چل مەتر دەگرن و بە ئۆتۆمبیلی تایبەت نەبێت راناگوێزرێن..

هەتا ئێستا گەورەرین کۆمپیوتەر لەلایەن چینەوە بەرهەم هاتبوو، بەڵام ئەمەریکا بە بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەری (Summit) پێوانەکەی شکاند.

کۆمپیوتەرەکە دەتوانێت ٢٠٠ پتافلاپ کە ناوی رێژەیەکی یەکجاری زۆری زانستی کۆمپیوتەر واتە ٢٠٠ ملیۆن کادریلیۆن لەیەك چرکەدا زانیاری لێکبداتەوە.

کۆمپیوتەرەکە بۆ کاروباری ئەتومی و گەردوونی سوودی لێوەردەگیردرێت. بۆ توانای لێکدانەوەی ئەم کۆمپیوتەرە مەزنە لەگەڵ کۆمپیوتەری سەرمێز واتە کۆمپیوتەرە وردیلەکان بە زمانێکی سادە نموونەیەك دێنمەوە، ئەگەر لێکدانەوەیەك و شیکردنەوەیەك لەلایەن کۆمپیوتەرێکی سەرمێز بە ٣٠ساڵ لێکبدرێتەوە، کۆمپیوتەری مەزنەکە تەنیا لە یەك کاتژمێردا ئەنجامی دەدات بۆ فێنك کردنەوەی کۆمپیوتەرە مەزنەکە لەیەك خولەکەدا هەزار بەرمیلی زیاتر ئاو دەوێت.

کۆمپیوتەری ناوبراو پێکهاتووە لە ٩ هەزار یەکەی لێکدەرەوەی ٢٢ ناوەکەی، زیاتر لە ٢٧ هەزار کارتی شاشە. ئەم کۆمپیوتەر وا دەکات زانایان و توێژەروان زووتر بە ئاکامی توێژینەوەکانیان بگەن.



## ماڵپەڕێک بۆ دیزاین کردنی ئایکۆن

ئایکۆن (icon) بەم وێنە بچووکانە دەگوترێت هێمای ناسینەوەی پرۆگرامێك، فایلێك، فۆڵدەرێکە.. ئەگەر خۆت حەز دەکەی ئایکۆنەکانی ناو کۆمپیوتەرەکەت بە ویستی خۆت بگۆڕی، سەر لە سایتی http://icoconvert.com/ بدە. ئەو وێنەی مەبەستە بیکەی بە ئایکۆن لەم سایتەدا ئەپەلۆدی بکە. لە قۆناغی دووەم دا لە وێنەیەك چەندت مەبەستە دیاری بکە، لە سێیەم قۆناغیشدا ستایلی وێنە ئایکۆنەکەت دیاری بکە. پاشان ئەو سیستەمە دیاری بکە کە ئایکۆنەکەی بۆ دەکەی وەك ویندۆز٧، ٨، ١٠.. دوای ئەوەی کۆنفێرتت کرد، دەکرێ دانلۆدی بکەی..

# لاپتۆپ- تەبلێتەکەی HP و تایبەتمەندییەکانی

کۆمپانیای HP لە پیشانگای کۆمپیوتێسکی ئەمساڵدا لاپتۆپێکی هێبریدی (hybrid)ی خستەڕوو، وشەی hybrid واتە دوانە بە هەر ئامێرێك دەڵێن کە بتوانرێ لە یەك کاتدا ئەرکی دوو ئامێر ئەنجام بدات یان ببێت بە دوو ئامێر..

لاپتۆپی جۆری HP ProBook x360 440 G1 وەك لاپتۆپێکی پێشەیی سوودی لێوەردەگیرێت و زیاتر بۆ کاروباری بارزگانییە.

لاپتۆپەکە خۆی بەهێزە و سیتسەمی ویندۆز ١٠ی لەسەرە، یەکەی لێکدەرەوەی واتە پرۆسیسەرەکەی نەوەی هەشتەمی ئەنتەلە. شاشەکەی بە ٣٦٠ پلە بە دەوری خۆیدا دەسوورێت، قەڵەمێکی تایبەتی لەگەڵدایە بۆ زیاتر ئاسانکاری لە ئەرکەکاندا. شاشەکیە ١٤ ئینجە. رامەکەی ١٦ گیگابایتە و هاردەکەی ٥١٢ گیگایە.

لاپتۆپەکە هەروەك ئاماژەی پێکرا دەکرێ وەك تەبلێت سوودی لێوەربگیرێت. سیستەمی ئەمنیەتی زۆر لەسەرێیە. گرنگییەکی دیکەی لاپتۆپەکە باترییەکەیەتی کە درەنگ دادەبەزێت.

